# پارێزگای سلێمانی

کۆدی پرۆژە [(SUL. G. (3103)] ساڵی 2018

کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی (کراوە)

## بۆ پرۆژەی: (دابین کردنی مەواد( 3 ) فیدەر لەگەڵ دابینکردنی ( 1 ) محاویلە لەگەڵ پێداویستیەکانی بۆ بەڕێوبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای سلێمانی )

**پــــارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا وبەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کــەمکردنەوەیە با سەردانی بینای پــــارێزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ب.گرێ بەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر ) بکات لە نهۆمی زەمینی بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبــەر (50,000) پەنجا هەزار دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەر کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

1- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (2018/5/2) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (2018/5/17) لەکاتژمێر (9) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (12:00) ی نیوەڕۆ .

2- ڕۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (2018/5/20) کاتژمێر (10:00) ی پێش نیوەڕۆ دەبێت .

3- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژی ( 2018/5/20) دەبێت دوای داخستنی صندووق

4- ئەگەر ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت, ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی دوای پشوەکە دەبێت.

5- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە: (60) شەست ڕۆژ( ڕۆژی ڕۆژ ژمێری) .

6- پێویستە بەڵێندەر لەکاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن (اعتذار) پێش کەش بکات وەتیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات.

7- پێوستە بەڵێندەر لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ (email) ی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات

8- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(2) ی ساڵی (2016) بێت.

9- پێویستە کۆمپانیاکان لەدوای بەرواری پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بە بەردەوامی سەردانی کاروباری یاسا بکەن لە ب. گرێبەستەکانی پارێزگا بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەسپاردەکردنی پرۆژەکە و پاڵپشت بەمادەی (37) برگەی (2) لە ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(2) ی ساڵی (2016).

10- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەك لەسەر دەرخستەی پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی سەرۆکایەتی ب. گ. کارەبای سلێمانی بکات.

## ((مەرجەکانی بەشداری کردن))

1- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە ناوخۆییانەی کە بەشداری دەکەن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیایان هەبێت بۆ کاری بازرگانی.

2- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی بەشداری دەکەن کاری هاوشێوەیان هەبێت لە بواری دابینکردنی کەلوپەلی دابەش کردنی کارەبای نیشتیمانی.

3- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێوستە تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم .

4- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنی لقیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم.

5- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت .

6- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن بۆ ساڵی 2018.

7- پشتگیری بەڕێوبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکانی سلێمانی کرابن بۆ ساڵی 2018.

8- بارمتەی سەرەتایی / بەڵێننامەی نوسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر .

9- بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئامادەبێت ,ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

10- مەرج نییە پرۆژەکە بۆ کەمترین نرخ ئەسپاردە بکرێت.

11- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (90) ڕۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

12- دوای داخستنی صندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی ( تحفظ ) کاری لەسەر ناکرێت و ڕەتدەکرێتەوە.

13- پارێزگای سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچونی فەرمانی سپاردن .

د. هەڤاڵ ئەبوبکر
پارێزگاری سلێمانی
2018/04/ ٢٠.

**وێنەیەك بۆ:**

- بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریای / گەنجینەی 2/ سلێمانی / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب. گ. کارەبای سلێمانی / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لەکاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- ب . گرێ بەستەکان / کاروباری یاسا / بۆ کاری پێویست .
- کاروباری هونەری/ ب. پلان و بەدواداچوون/ بۆ زانیاریتان.
- سایتی پارێزگا .
- ب . ژمێریاری / بودجەی ڕێکخراوی (GIZ ) ی ئەڵمانی
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئاگاداریتان.
- فەرمانبەری تایبە تمەند بەکاری بڵاوکردنەوە لەڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- بەشی IT.
- بۆ بینینیی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەڕی www.slemani.gov.krd بکە .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی (0533193973) وە بکەن لە پارێزگا / کاروباری تەندەر یان email: slemani.gov.tendering@gmail.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئە. ئامادەکردنی تەندەر | ئە. چێکی تەندەر | ڕەزامەندی ل.کاروباری تەندەر بۆ بانگەواز | ڕەزامەندی ب.گرێبەستەکان بۆ بانگەواز |